# دڵە سپییەکەی بەهجەت یەحیا

نووسینی: دکتۆر عوسمان یاسین

٥/١١/٢٠١٤

تەلیسمی داهێنانی دەقی هونەری و ئەدەبی، بێدەنگەکان دەدوێنێ، ئەودیوی جوانیی ناشرینەکان دەر دەخات، هەوڵی بێهودەی دەستەمۆکردنی زەمەن بەگڕوتین دەخات، کاتێکیش چەند ڕەگەزێکی هونەری ئاوێتەی یەکدی دەبن لە دەربڕینی ناخی مرۆڤ، زیاتر قووڵبوونەوە لەناو ماناکان، ڕۆچوون بە ناخی زەمەنە دەستەمۆنەکراوەکان دێتە کایەوە، ئەوە دەنگە هێمنبەخشەکەی بەهجەت یەحیایە، بە وشە ناسک و پڕماناکانی کە بە کەشوهەوایەکی سۆفیگەرییانە دەبنە بەرهەمی گۆرانییەکی نوێی ساڵی ٢٠١٤ و گرێکوێرەکانی تەمەن دەکەنەوە، ئاوازە سۆفیگەرییانەکە و وشە ناسکەکانی گۆرانیی دڵێکی سپی، دیوە قووڵ و شاراوەکەی زەمەن هەڵدەکۆڵن، مانا و جوانی و داد و فیغانی زەمەن باو دەکەنەوە، هەر وەک چۆن داد و فیغانی نەهامەتییەکانی جیابوونەوە و دابڕانی نەی لە قامیشەاڵن، الی جەالالدینی ڕۆمی ١٢٠٧-١٢٧٣ دەبێتە ئاماژەیەک بۆ جیابوونەوەی مرۆڤ لە ڕەگوڕیشە و ڕەچەڵەکی خۆی، )بشنو از نی چون حکایت میکند/ از جدایی ها شکایت میکند( ”دەفتەری یەکەمی مەسنەوی“ سکاالّی نەی لە سەرجەم جیابوونەوەکان، هەر لە جیابوونەوەی خۆی لە قامیشەاڵن تا جیابوونەوەی مرۆڤ لە خاک و نیشتمان و زێدی خۆی، تا دەگاتە جیابوونەوەی لە ڕەگوڕیشەی خۆی، گریەی بەدوای عەشقا منداڵیش لە ساتی لەدایکبوونیدا یەکەم ناڵەی جوداییی مرۆڤە لە بوون، هێمنی شاعیریش لە ناڵەی جوداییەکەیدا زۆر جوان ئەم هەستی دابڕانەی دەر دەبڕێت و دەڵێت )چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە /بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە... ژانی ناسۆریی جوداییم چێشتووە / هەرچیی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە... / زەمەن و تێپەڕینی تەمەنی مرۆڤ و پیربوونی، ناسۆرترین چیرۆکی جیابوونەوەکانن، بەاڵم داهێنانە هونەری و ئەدەبییەکان لە هەوڵی ئەوەدان دڵنەواییی مرۆڤ بکەن، جوانکاری لە ژانی ئەم ناسۆری و داد و فیغانە ئەنجام بدەن.

دڵە سپییەکەی بەهجەت یەحیا لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن خۆی دەر دەخات، بەاڵم دەوروبەرەکەی ئەو ڕاستییە بە شێوەیەکی دیکە دەبینن، ”وتیان وا خەریکە تەمەن بەیانی پیری دەرئەکا / وتم نەخێر ئەو سپێتییە ڕەنگی دڵمە و وا سەر ئەکا“ سپێتیی پرچ الی خەڵك سیمایەکی نارێک بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەاڵم الی بەهجەت یەحیا، ئەو سپێتییە مانایەکی قووڵتری هەیە.

”تووخوا پێم مەڵێن بیگۆڕە و ئەو ڕەنگە سپییەت لێ نایە / هەر تاڵەی الپەڕەیەکە و دنیایە چیرۆکی تیایە“ گەرمیی هاوین ئاماژەیە بۆ سووتان و ئازار و ئەشکەنجە، کە ناخی شاعیری پڕ کردوە، بەاڵم هەمیشە دڵی سپییە و ڕەنگی بەفری زستانی لە پرچیدا دەر خستوە. ”ناخم وەک چلەی هاوینە، تەنها قژم وەک زستانە / ڕەنگی بەفر عەیبی چییە، خۆ من هێشتا دڵم جوانە“ لەدوای ئەم دێڕەوە، جوانکاری و داهێنانی شاعیر بە خستنەڕووی پرسیارێک دەگاتە لووتکە، کاتێک

سەرسووڕمانی خۆی دەر دەخات، بۆچی گەرمیی هاوینی سینەی بەفری پرچی ناتوێنێتەوە، تا ئەو زەمەنەی کە پێی وایە بە ناهەق لێی زەوت کراوە بۆی بگەڕێتەوە. "سەیرم لێ دێ گەرمیی سینەم ئەو بەفرە ناتوێنێتەوە / ڕەنگی بەناحەقبراوم لە زەمەن ناسێنێتەوە" ئاماجی سەرەکیی هەوڵ و کۆشش و شۆڕشەکان بەدەست هێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانە، لێرەدا شاعیر خەون بەوەوە دەبینێت، کە ئەوەی زەمەن لێی بردووە، هەر لە ڕێگەی ئازارەکانی داد و فیغان و سووتانەکانی خۆی بەدەستی بهێنێتەوە. "کوا سپی مانای پیرییە، کەس نەیکا بە دەنگوباسێ / ئەوەی ژیر بێ خۆی تێدەگا، کە بەهجەت یەحیا ئەوین تەمەن ناناسێ" سپییەتی الی بەهجەت یەحیا، مانای پیری نییە، هەرچەندە الی خەڵکی وا باوە، بەاڵم ئەوەی حەکیم بێت، دەزانێت ئەوین تەمەنی بۆ نییە، پیربوون و سپیبوونی قژی ئەوینداران، لە عیشق و ئەوینەکەیان ساردیان ناکەنەوە و دووریان ناخەنەوە، چونکە عیشقی ڕاستەقینە لە دڵدایە، هەتا ئەو دڵەی عاشق لە لێدان نەکەوێت، عیشقەکەی هەر بەردەوامە و زیندووە. "هەرچۆنێ بم، هەر خەمخۆر و هەر هاوڕێکەی هەمووتانم / تەنها وێنەکەم گۆڕاوە، هەر عاشقەکەی جارانم" لە کۆتاییدا دڵێکی سپی ئەوە بەبیر هەموان دەهێنێتەوە، کە هەر عاشقەکەی جارانە و سپێتیەکەی بە هۆی زەمانە، هیچ گۆرانکاریی بەسەر دانەهێناوە، پاک و بێگەردیی خۆی پاراستووە و هەر خەمخۆر و هاوڕێکەی جارانمانە، سپیبوونی قژی ئەگەر وێنەکەشی گۆڕیبێ، بەاڵم ئەو هەر عاشقەکەی جارانە.

دیارە گەنجی بەهاری ژیانی مرۆڤە، لەدەستدانی ئەو قۆناغەی ژیان، مرۆڤ بەرە و خامۆشی دەبات، لەبەر ئەوە، دەقە هونەری و ئەدەبییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر باسیان لەم بارە کردووە ئیمامی شافیعیش لەم بارەیەوە دەڵێت، "ولذة عيش المرء قبل مشيبه، وقد فنيت نفس تولى شبابها، اذا اسود جلد المرء وابيض شعره، تكدر من ايامه مستطابها." بەاڵم ئەگەر گۆرانی و هۆنراوەی دڵێکی سپیی بەهجەت یەحیا لەگەڵ بەرهەمی گەالنی دیکە بەراورد بکەین، کە باس لە پیری و پرچسپیبوون دەکەن، ئەوە یەکسەر لە هونەری عەرەبیدا گۆرانییەکەی عيرتني بالشيب نازم غەزالیمان بەیادا دێتەوە، کە هۆنراوەکەی بەم شێوەیەیە، "عيرتني بالشيب وهو وقار / ليتها عيرت بما هو عار / ان تكن شابت الذوائب مني / فالليالي تزينها االقمار / دموعي بيوم فقد الولف ليلة / وردت عيني يمرها النوم ليلة/ تعيرني عجب بالشيب ليلة / واخير اثنيننا نشيب سوية" ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم بەراوردکردنەدا، ئەوەیە کە ئەم هۆنراوەیەی گۆرانیی نازم غەزالی بۆ خەلیفەی عەبباسی المستنجد بالله دەگەڕێتەوە، یان بە الیەنی کەمەوە، چورا دێری سەرەتا یان دوو دێری یەکەم، هەرچەندە ئەمەش جێگەی گومانە، چوونکە بۆچوونی واش هەیە، کە ئەم شیعرە یان چەند دێرێکی سەرەتای شیعرەکە بۆ ئەدەبی ئەندەلووسی دەگەڕێتەوە و شاعیرەکەشی ناوی يحى بن الحكم الغزاله، کە یەکێک لەو شاعیرانە بوو، بەدوای عەشقا کە لەالیەن خەلیفە المستنجد بالله بەند کراوە، کە گەنجێکی جوان بووە، هەر لەبەر ئەوە نازناوی الغزالی لێ نراوە، بەاڵم تاڵەمووی سپی لە قژی پەیدا ببوو، لەبەر ئەوەی خەلیفەی ناوبراو بەندی کردووە، بۆیە شیعرەکەش دراوەتە پاڵ ئەم خەلیفەیە، ئەمە سەبارەت بە هۆنراوەی گۆرانییەکەی نازم

غەزالی، بەڵام دیارە گۆرانییەکەی دڵێکی سپیی بەهجەت یەحیا، ئاواز و هۆنراوەکەی هەر لە داهێنانی خۆیەتی. لە هەردوو هۆنراوەکەدا، سپییەتیی قژ، جوانیی خۆی هەیە، الی بەهجەت یەحیا سپییەتیی قژی، ڕەنگدانەوەی سپییەتیی پاکی و بێگەردیی دڵیەتی، بەڵام لە گۆرانییەکەی نازم غەزالیدا، تاڵەمووە سپییەکانی قژی بە مانگ و ئەستێرەکان دەچووێنێت، کە ئاسمانی تاریکی شەوان دەڕازێننەوە، ئەمە دوای ئەوەی ئەو سپێتییەی قژی بە ویقار دادەنێت. لە کاتێکدا ئافرەتە خۆشەویستەکەی پێی عەیبداری دەکات، بەڵام ئەو خۆزیای ئەوە دەخوازێت، کە بەشتێکی دیکە عەیبداری بکات، کە شوورەیی بێت، نەک سپێتیی پرچی، کە ویقاریەتی. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە گۆرانییەکەی بەهجەت یەحیادا مانای ئیستێتیکایانەی سپێتیی قژ، قووڵتر و جوانتر لە مانای سپێتیی قژ لە گۆرانییەکەی نازم غەزالیدا دەر دەکەوێت. لە کاتێکدا گۆرانییەکەی غەزالی بە تێڕوانینێکی پاشایانە دەیەوێت هەموو شتێک بۆ دەسەڵاتی خۆی پاوان بکات، لەبەر ئەوە بەم شێوەیە وەڵامی خۆشەویستەکەی دەداتەوە، کە لە کۆتاییدا هەردووکیان بەیەکەوە پیر دەبن، ئەمە دەستەوەستانی دیدگای خەلیفەی عەبباسی المستنجد باللهیە بە دەنگی نازم غەزالی، لە بەرامبەر تێپەڕبوونی زەمەن و پیری، کە هەمیشە ڕووی لە ئافرەتە و وەک هەر دەسەڵاتخوازێکی دیکە، دەیکاتە بابەتی خۆی، وەک هەر بابەتێکی دیکەی موڵکی پاشاکان مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام کاتێک بابەتەکەی ئافرەتەکە بە پیری و سپێتیی قژی عەیبداری دەکات، تووشی سەرسووڕمان دەبێت، چونکە سپێتیی قژ الی ئەو ویقارە و شایستەی عەیبداری نییە، ئەمە لە کاتێکدا لە گۆرانییەکەی بەهجەت یەحیادا ئافرەت بابەت نییە، بەڵکوو ئەویش خودێکە، تا ڕووی تێ بکات و پاکانەی عەیبداریی خۆی بۆ بکات، وەک نازم غەزالی، بەڵکوو بەهجەت ڕووی لە زەمەن و ڕۆژگارە، وەک پیادەکەرانی ڕێبازی سۆفیگەرییان، دڵە سپییەکەی خۆی بەخشیوەتە بەهجەت یەحیا

228

هەمووان، سپێتیی قژی الی ئەو ویقار نییە وەک پاشاکان، بەڵکوو ئەو سپێتییە زۆر ئاساییە، چونکە ڕەنگدانەوەی دڵە سپییەکەیەتی، بەوەش دڵی خۆی ناداتەوە، کە هەمووان بەیەکەوە لە کۆتاییدا پیر دەبین و دەمرین، سەری لەوە سووڕ نامێنێت، کە سپێتیی قژی بووەتە باسوخواسی خەڵک، بەڵکوو سەیری لەوە دێت، کە گەرمی و کەفوکوڵ و ئاخ و ناڵەی سینەی، بەفری سەری ناتوێنێتەوە، تا ڕەنگی یان زەمەنی بەناحەقبراوی بۆ بگەڕێنرێتەوە. لێرەدا تروپکی مانا ئیستێتیکییەکەی گۆرانیی دڵێکی سپی دەر دەکەوێت، بەهجەت یەحیا هەست بە ناکۆکییەک دەکات لە نێوان گەرمیی سینەی و بەفری سەری، لەبەر ئەوەی هیچ کارلەیەککردنێکی یەکەم لەسەر دووەم نابینێت، تا ئەو زەمەنەی لەدەستی چووە. بۆی بگەڕێنرێتەوە، ئەو پرسیارە سەرسووڕهێنەرەی بەهجەت یەحیا لە چوارچێوەی فەلسەفەی زەمەندا لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت و مانای ئیستێتیکییانەی کراوە دەبەخشێت، بەڵام لە گۆرانییەکەی نازم غەزالیدا، ئەو بابەتە قووڵەی زەمەن ناورووژێنرێت. لە کۆتایی گۆرانیی دڵێکی

سـپیدا، دڵـە سـپییەکە دەبێتـەوە دڵـی هەمـووان، هەسـت بـە جیابوونـەوەی خـۆی لەگـەڵ دەوروبەریـدا ناکات، بەڵکوو چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی هەموانەوە دەبەستێتەوە، دیارە ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دڵی سپی دەیەوێت لەسەر ڕووی زەمەندا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە خۆی بۆ هەمووان هەڵدەخات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا فەلسەفەیەکی زەمەنە، ئەگەر نەتوانیت بەسەر زەمەندا زاڵ ببیت، کە شتێکی مەحاڵە، ئەوە دەکرێت لەسەر ڕووی زەمەندا دیدگای خۆت هەڵبخەیت. ئەمە لە کاتێکدا لە گۆرانییەکەی نازم غەزالیدا ئەو تەبابوونەی خود لەگەڵ دەوروبەرەکەی لەئارادا نییە و فەلسەفەیەکی قووڵی زەمەنیشی لێ بەدی ناکرێت.